# ...

فرووزان بابایی نژاد

پەشێوم
خیابانەکانی ئەم نەبوونە،
پێڵاو، پێ و هەموو "پـ"ێکانی دنیا دەخوێنمەوە
لەم موساوییە کەم دێم
بە چ بارێکا حەسێبت کردم
زنجیرم پێبڕا؟

لە نەبوونت دەپارێتەوە
دەتپارێمەوە
لە شەو
تاریکی
لەو ماچەی بزەی خنکاند
وەک چۆن ببیتە دووان
لە ڕێگەی چەپەوە دێم و

لە ڕاستەوە دەبمە درۆ!
لە تۆ بۆ من
چەندە ئەم شیعرەش دووپاتم دەکاتەوە
من، درۆیەکە دامدەوەشێنێ.
پشتم دەشکێنێ.
ساقیم دەخەوێنێت و
باز دەداتە کۆڵی بوونم.
دادە؟
هەزار وەی لەم بێوەیی نەزانینە
کچێنییەکانمان سەر ببڕە
دوو تاڵ لە چایی بێنە
شەو لە خەومان پەڕی
پڕاوپڕ خەیاڵێکین،
پڕ لە پووچ
وەڵامی چاوانت نازانم،
پرچت بە کام لا بنێژمە چاڵ, کە شەرعی بێت؟
بۆ باران غەدر بوو
ئەو ڕەحمەتەی، کە بە زەحمەتی نەژیا
نەژیاوم.
ئەم نوستالژییە سقووت دەکاتو
کۆترێک نافڕێ.
خەوێک داناچڵەکێ.
مەرگێک نامرێ.
ئەرێ دادەم ـ ئەرێ

فریا نەکەوتین بمرین
تەڵاقی خست خودا
لێرە بەدواوە ئەم شیعرە کوێرە.
بگری دڵم
دەگریم، ئەگەر ئەگەرەکانت لە شایەدەکانت و
شاهدەکانت و شەهیدەکانت هەموو
نەزانینەکانم...
چی لێنەکەی
چیم لێدەکەی؟
پاڵم داوە لە ڕۆشتن.
هەندێ جار سێبەرەکان لە ژوورەکەم،
گڕ بە خۆیانەوە دەنێن، یان منداڵییەکانم
دەست دەگرن و هەڵدەپەڕن.

چیت لێنەکەم؟
من هەموو نەکردنێ دەناسم.
تەنانەت دەزانم ئێش بم و خۆم بشێلم.
یان
لە چاوانم خۆم بەجێ بێڵم.
یان
تۆ بم و پڕ بە خۆم بمرم.
پێم بڵێ چیت لێنەکەم؟
...

ڕۆشتن؛
بەندکراوێکە چێشتی دایکی خۆی نەخواردووە.
پیاسەی نەکردووەتە بەر کۆڵانەکانی منداڵیی و
لەسەر لێوی دڵدارێک ماچی نەدزیوە.
ڕۆشتن تۆی،
کاتێ دەستت جەستەم دەخوێنێتەوە.
کاتێ شیعرت نەماوە بە باڵاما بیخوێنی.
کاتێ پەنجەرە قەرزداری بۆ بێکەسییەکانم.
با قەرزداری بۆ پرچم.
هەواڵ قەرزاری بۆ هاتنەوە.
تۆ، قەرزاری بۆ من.
ڕۆشتن منم،
لە قەدەغەیەکدا تامەزرۆی پیاسەیەکم؛
بێ پێ
بێ شەقام
ب
ێ
خ
ۆ
م

کاتێ خۆتت بۆ وناکرێ.
کاتێ ئەم شیعرە برسییە و
دەستوپێی خۆی بۆ ناخورێ.
ڕۆشتن پیاوێکە،

وا نایناسم
لە تۆدا ڕەش داگیرساوم.
لەعنەت لە کەوشە بەرزەکانم
لە پرچە درێژەکەم
لە لەرەی کچێنیم
من؛
خۆمم بۆ نامرێ.
کوڕانە کچم.
پیاوانە دەمرم.
کچانە لە تۆدا خۆم بەجێ دێڵم.